# هەڵبژاردنەکانی عێراق,
# کۆمارەسەی دیموکراسی یان کۆمارەسەی شەڕی قەومی؟!

دەزگای پروپاگەندەی حیزبەکانی کوردستان بۆ ڕاکێشانی خەڵك بۆ بەردەم سندوقەکانی دەنگدان, هەموو ڕێگایەك ئەگرنەبەر کە یەکێك لەو ڕێگایانە ئەوەیە ئەڵێن, ئەم هەڵبژاردنە, هەڵبژاردنێکی دیموکراسیانەیە و ئەبێ وەك دەسکەوتێك چاوی لێ بکەین! دیارە ئەمە بانگەشەیەکی پوچ و بێناوەڕۆکە و خۆشیان هەندێك جار پێچەوانەی ئەمە قسە ئەکەن. ئەوەتا چەند ڕۆژ لەمەوبەر فازڵ میرانی سکرتێری مەکتەبی سیاسی پارتی, لەسەر مەسەلەی مافی دەنگدان بۆ ئاوارەکانی کەرکوك و کوردی هەندەران, باسی ئەوەی کرد کە چۆن کۆسپ ئەخەنە بەردەمیان و وتی, ئەوانە هەتا دوێنێ بە چەکی تەعریب لە بەرامبەرمان ئەجەنگین, ئێستاش بە دروستکردنی کۆسپ و تەگەرە لەبەردەم بەشداریکردنی زۆرترین کەس لە هەڵبژارنەکان! بەڵێ! ئەمانە هیچ چەکێکی ژەنگاوی و کۆنەپەرستانە نامێنێ بەکاری نەهێنن! ئەی ئەگەر ئەم هەڵبژارنە کۆمارەسەی دیمەوکراسییە, ئەم قسانە و ئەو ڕەفتارانە بەمانای چی؟! ئەمانە, کاتێك باس هاتە سەر دیموکراسییەت, ئەڵێن ئەمە کۆمارەسەی دیموکراسییە, کەچی لەلایەکی ترەوە هەستی کۆنەپەرستانە و ڕەگەزپەرستانەی کوردچێتی و عەربچێتی ئەجوڵێنن, وای پیشان ئەدەن کە لە نێوان خەڵکی کورد و خەڵکی عەرەب کێبەرکێیەك هەیە, تاوەکوو بەو چەکە ژەنگاوییە زۆرترین کەس بهێننە سەر سندوقەکان, تەنانەت ئەوانەش کە بێزارن لە یەکێتی و پارتی. بەڵێ! ئەم حیزبانە لە ڕۆژێکی وەك ئەمڕۆدا, بەری سیاسەتی ڕگەزپەرستانە و دنەدانی هەستی قەومپەرستی ئەچیننەوە, شەڕ و کوشتاری دوێنێ و سبەی, لە نێوان کورد و عەرەب و تورکمانیش, بەرهەمی ئەم جۆرە سیاسەتانەیە.

خەڵکی کوردستان ئەبێ نەبنە جێبەجێکەری ئەم سیاسەتانە, بەرژەوەندی ئەوان کە لە ڕاستیدا لەگەڵ بەرژەوەندی ئەم حیزبانە جودایە, با بەکردەوەش جودای بکەنەوە. ئەگەر بێت و خەڵکی کوردستان, مافی دەنگدانیان بۆ دیاریکردنی چارەنووسی خۆیان, یانی دیاریکردنی مانەوە لەگەڵ عێراق ویان جیابوونەوە, نەبێت, کە سەرەتاییترین مافی ئەم خەڵکەیە, مانای ئەوەیە, بانگەشەی دیموکراسی هیچ مانایەکی نییە و دەنگدانی خەڵکیش, ڕەسمییەتدانە بەو دەسەڵاتەی کە ئەم مافەیان بە ڕەسمی بۆ ناناسێ.

**سالار ڕەشید**
2005 /01/21

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com